خوێندنەوەیەکی دەقی (ڕووبارانە)

هاوژین صلیوە
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)

ڕووبارانە دەقێکی شیعری محەمەد تەرەغەیە کە لە سێ کۆپلە پێکهاتووە و هەر یەک لە سێ کۆپلەکانیش لەژێر چەتری ناوونیشانی (ڕووبارانە) کۆبۆتەوەو سێ دیمەنی ڕووبار نیشان دەدات، دەستپێکی هەر یەک لە کۆپلەکان بە جێناوی یەکەمین کەسی تاکی (من) دەست پێدەکات، شیعرێکی کۆپلەییە و جێناوی یەکەم کەسی تاک (من) پەیوەستێک لەنێوان کۆپلەکاندا دروست دەکات.

ڕووبارانە(١)
من ساڵێکیان
لە بەهارێکی بێ نەورۆزانەدا
گوڵە شلێرم دی
ببوو بە چاوی
ڕووبارێکی
ئاوارە و
سەربزێو. ل٨٦

پێکهاتەی ئەم کۆپلە شیعرە:
جێناوی کەسی سەربەخۆ + ناو + نیشانەی نەناسراوی
من + ساڵ + ێکیان
ئامراز + ناو + نیشانەی نەناسراوی + ئامرازی پێوەندی + نەفی + ناوی واتایی + ئامرازی لە + بەهار + ێک +ی + بێ + نەورۆزانە + دا
ناو + ئامرازی پێوەندی + ناو + ناوی لێکدراو + جێناوی لکاو + کار
گوڵ + ە + شلێر + (گوڵە شلێرە)+ م + دی
کار + نیشانەی ڕابردووی دوور + ئامراز + ناو +

ئامراز
بووی یەکەم + (بووی دووەم) ب + به + چاو + ی
ناو + نیشانەی نەناسراوی + ئامراز
ڕووبار + ێک + ی
وەسف (ئاوارە و سەربزێو) (ئاوەڵناو).

ناوونیشانی ئەم کۆپلەیە ڕووبارانە، (ڕووبار) بە تەنیا ناوە، پاشگری (انە)ی خراوەتە سەر، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئەم پاشگرە ناخرێتە سەر ناوی (ڕووبار)، لێرەدا لادانێکی زمانەوانی دروست بووە و تەقاندنەوەی زمان بەدی دەکرێت، بە گۆڕینی لە باری ئاسایی خۆی بۆ بارێکی تر و بۆ بەخشینی مەدلوولی دیکە، چونکە دالی (ڕووبار) ئەوەیە کە ڕووبارمان دێتە بەرچاو کە جۆگەیەکی گەورەیە و ئاوی پێدا دەڕوات، لێرەدا (ڕووبارانە) بووە بە ناوێکی واتایی، کەواتە ڕۆژانە ناوی واتایی وەک (ژنانە، پیاوانە، جێژنانە) دەبیستین، بەڵام ناوی واتایی (بارانانە، بەفرانە، ڕووبارانە) نابیستین، کەواتە دەبینین شیعر بەدەر لە هەموو یاسایەک زمانێکی تایبەتی هەیە و بە زۆر شێوەی جۆراوجۆر خۆی پیشان دەدات، لە خوێندنەوەی گوتەی ڕووبارانەدا شێوەی بەخشین دێتە بەرچاو (ڕووبار +انە = ڕووبارانە) واتا بەخشینەکانی ڕووبار، یان تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی ڕووبار پیشاندەدات، جێناوی کەسی سەربەخۆی (من) لە سەرەتای هەر سێ کۆپلەکەدا بەدەردەکەوێت، ئەمەش مۆسیقایەکی جوان بەبنیادی شیعرەکە دەبەخشێت و شیعرێکی کۆپلەیی دروست دەبێت.

من ساڵێکیان
لە بەهارێکی بێ نەورۆزانەدا

واتا لە بەهارێکی وشک و برینگدا، بەهارێک کە جێژنانەی ئەو ساڵانەی هەر نەورۆز بووە، کە بە دیاری پێی داوین، بەڵام لەم ساڵە نەهاتی و شوومەدا بەهار جەوهەری خۆی لە دەست داوە و نەورۆزانەی خۆی نەبەخشیوەتەوە. لە گوتەی (نەورۆزانە) بەخشینی مەدلوولی ترە بە دالی نەورۆز، لەو ساڵەشدا گوڵە شلێرە بووە بە چاوی ڕووبارێکی ئاوارە و سەربزێو، دیارە گوڵە شلێرە جوانە و نەشئە و زەردەخەنە دەبەخشێت، بەڵام کە بووبێت بە چاوی ڕووبارێکی ئاوارە، هەر گریان و سەرگەردانی پیشان دەدات. (گوڵە شلێرە) چاوی ڕووبارە، ڕووباریش ئاوارە و سەرگەردان و سەربزێوە، دوالیزمێک دروست بووە، چونکە گوڵەشلێرە حاڵەتی نەشئە و زەردەخەنەی زیاتر لێدێ، ڕووباری ئاوارەش حاڵەتی گریان و غوربەت و سەرەڕۆیی و ئاوارەیی پیشان دەدات، ڕووبارێکیش ئاوارە و سەربزێو بێت لە ڕواڵەتی خۆی ڕاقە نابێت، ڕادەکات و نازانێت بەرەو کوێ بڕوات، چونکە بەهارێکی بێ ئەو نەورۆزانەی دژوارە، گوڵە شلێرەش بەرانبەر بەهارەی بێ بەخشین و بێ ئەو نەورۆزانەیە بێ هیوا و مەیل بڕاوە و لە جەوهەری خۆی لایداوە، بۆیە گوڵەشلێرەش خۆی کردووە بە چاوی ئەم ڕووبارە ئاوارە و خەم هەڵگرتووە و بەرەو مەملەکەتێکی نادیار دەڕوات و دەبێتە چاوی ڕووبار و چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ڕووبارەکەوە دەبەستێتەوە.

ڕووبارانە (٢)

کۆپلەی دووەمی ڕووبارانە دەبێت بە دوو بەشەوە، چونکە دوو وێستگەی ڕاوەستان بەدی دەکرێت:

من ڕووبارێ دەناسم
ساڵەهایە
غەمی خاک دەنووسێتەوە ١

بابم لەسەر غەمی ڕووبار دەنووست
چاوی دەبڕییە ئەستێرەیەک و
دەیگوت:
منیش وەکو ئەستێرە
مێخەیان کێشاوم
کەچی شەوورۆژ ئەدرەوشێمەوە. ٢ ل٨٧

پێکهاتەی ئەم کۆپلە شیعرە:
جێناو+ ناو+ نیشانەی نەناسراو+ کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ
من + ڕووبار + ێ + دەناسم
ناو + نیشانەی کۆ + نیشانەی نەناسراوی
ساڵ + ەها +یە
ناو + ئامراز + ناو + کاری ڕانەبردوو
غەم +ی + خاک + دەنووسێتەوە
ئامراز + ناوی واتایی + جێناو
وە + بیر + م

دێ (کورت کراوەی دێت)
ناو + جێناوی لکاو + ئامراز + ئاوەڵکاری شوێن + ناو + ئامراز + ناو + کاری ڕانەبردوو
باب + م + لە + سەر + غەم + ی + ڕووبار + دەنووست
ناو + ئامرازی پێوەندی + کار + ناو + نیشانەی نەناسراو + ئامرازی پێوەندی
چاو + ی + دەبڕییە + ئەستێرە + یەک + و دەیگوت = کاری ڕانەبردوو
جێناوی لکاو + ناو
من + ئەستێرە
ناو + جێناوی لکاو + کار + جێناوی لکاو
مێخ + یان + کێشان + م
ئامرازی گەیەنەر + ئاوەڵکاری کات + کار
کەچی + شەوورۆژ + ئەدرەوشێمەوە

بەشی یەکەمی ئەم کۆپلەیە (خود) (من) خۆی دەدوێنێ و وتە دەردەبڕێ (ڕووبار و خاک) پێوەندی نێوانیان، ڕووبار بەنێو خاکدا دەڕوات و کارەکەی کردووە بە نووسینەوەی خەمی خاک، ڕووبار بزاوتن و ڕۆیشتنی تێدایە، بۆیە نووسینەوە بەم دراوە، ڕووبار شێوەی مرەکەبە و خاکیش پەڕاوی نووسینە و خەمی خاک دەنووسێتەوە، بەشێوازی بە کەس کردن دروست بووە، لەم کۆپلەیەشدا میتافۆری بەسەردا زاڵە.

لە لەتی دووەمی ئەم کۆپلەیەیدا گوتەی (مێخیان کێشاوم) مێخ کێشان بە واتای بزمار کێشان، مێخ = بزمار.

بە واتای هیلاک کردن و عەزیەت دانێکی زۆر و ڕوح کێشان لە گوتندا وا دێت (چوار مێخەی کێشا).

لە هاتنی یەک بەدوای یەکی (شەوورۆژ)دا، حاڵەتی درەوشانەوەی ئەستێرە شەوە، بەڵام درەوشانەوەی باوکی لە ئەستێرە بەهێزترە، چونکە بە ڕۆژیش دەدرەوشێتەوە. لە دەستپێکی ئەم کۆپلەیەشدا بە جێناوی یەکەم کەسی تاک (من) دەست پێدەکات بۆ چوونە ناوەرۆکی شیعرەکە ڕووبار لە شێوەی کەسێک نیشاندراوە، هاژە و هاواری ئەم ڕووبارە کە بەناو جەرگەی خاکدا دەڕوات بە نووسەرێک دانراوە کە بۆ هەمیشە خەمی خاک دەنووسێتەوە، وێنەیەکە بە شێوازی بە کەس کردن دروست بووە.

لە پارچەی دووەمی ئەم کۆپلەیەدا دەڵێت (باوکم لەسەر غەمی ڕووبار دەنووست) شاعیر قەبارەی بە غەمی ڕووبار بەخشیوە، لە شێوەی سیسەمێک کە لەسەری بنوێت. ئەم وێنەیەش بە شێوازی بەتەن کردن دروست بووە، لە کاتی سەیرکردنیشدا خۆی بە ئەستێرەیەک بەراورد دەکرد کە وەک ئەو مێخیان کێشاوە، بەڵام کۆڵ نادات و لە درەوشانەوەی خۆی ناکەوێت، درەوشانەوەش هیوا و ئاوات و گەشبینییە، چونکە ئەستێرە نەمرە باوکیشی لەسەر خەمی ڕووبار دانیشتووە، کەچی هەر دەدرەوشێتەوە، شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە، دیارە کە ئەستێرە شێوەی درەوشانەوەی وا دێتە بەرچاو کە چەند لیچکو گۆشەیەکی درەوشانەوەی هەیە، وەک ئەوەی داناوە کاتێ کەسێک چوار میخە دەکێشرێت بە چوار بزمار، یان بە چوار مێخزنجیر لە زەوی دەیبەستن و عەزابی دەدەن، ئەمەش جۆرێک بووە لە ئازاردانی مرۆڤ لە کۆندا، درەوشانەوە و تیشکە ڕۆچووەکانی ئەستێرەشی بە کەسێکی چوار مێخە کێشراو دادەنرێت، لێرەدا دوالیزمێک بەدی دەکرێ، دانیشتنی باوکی لەسەر ناخۆشترین جێگا کە (خەمی ڕووبار)ە، لە هەمان کاتیشدا خۆی بەو ئەستێرە درەوشاوە دەچوێنێ کە هەرگیز ناکوژێتەوە، هەرچەندە مێخی بکێشن، نەک تەنیا بەشەو، بەڵکو بە ڕۆژیش دەدرەوشێتەوە و لە ئەستێرەی ئاسمانیش تێی پەڕاندووە، چونکە باوکی کۆڵنادات نەک هەر بەشەو، بەڵکو بە ڕۆژیش دەدرەوشێتەوە، درەوشانەوەش هێمای بەرخودان و گەشبینی و کۆڵنەدانە، دەشێ ڕەمزێک بێ بۆ کوردستان کە لەلایەن چوار دەوڵەتەوە لە چوار لاوە مێخیان کێشاوە، کەچی مەیللەتەکەی کۆڵنادات و بەردەوام لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە، (باوک) ڕەمزی نەتەوایەتی و ڕەمزی کۆڵنەدان و ڕەمزی کوردستانە.

پێکهاتەی ئەم کۆپلە شیعرە:

ڕووبارانە (٣)

من جارێکیان لە دەمێکی سڵ و تووشدا
ڕووبارێکم دی
لە ڕەوتی خۆی دەترازاو
لە ئەستێرەی ون بووی خۆی
دەگەڕا. ل٨٨

جێناوی جودا + نادیار + ئامراز + کات + ئاوەڵناو

من + جارێکیان + لە + دەمێکی + سڵو تووشدا
ناو + ن. نەناسراو + جێناو + کار
ڕووبار + ێکم + م + دی
ئامراز + شوێن + کار
لە + ڕەوتی خۆی + کار
ئامراز + ناو + ئامراز + کار + جێناوی خۆیی بۆ جەخت کردن
لە + ئەستێرە + ی + ون بوو + خۆی
دەگەڕا = فرمان

گۆڕینی ڕەوتی وشەکان و بەخشینی شیعرییەت بە دەقەکە لە دەربڕینی «ترازانی ڕووبار لە ڕەوتی خۆی» ڕووبار لە ڕێی لادەدا، ترازان: زیاتر بۆ دابڕانی شتێکە لە شتێکی تر، ڕووبار کە لادەدات ڕووبارەکە ناترازێ، بەڵکو ئاوی ڕووبارەکە پێکەوە نووساوە، ترازان وەک ترازانی قۆچپە و لە دوگمە، زنجیر...تاد شاعیر دەربڕینێکی دیکەی بۆ لادانی ڕووبار دۆزیوەتەوە.

لە گوتەی (ڕووبارێکم دی) دیاردەی قرتاندن ڕووی داوە (دی) دیارە کە (دیتن)ە، بەڵام شاعیر ئیستێتیکایەکی پێ بەخشیوە، بەم جۆرە دەربڕینە ڕیتمی شیعرەکەی جوانتر کردووە، چونکە ئەم ڕیتمە پەیوەست دەبێتەوە بە گوتەی (خۆی) (دی، خۆی) هەردووک بە دەنگی (ی) کۆتاییان دێت.

لە گوتەی (ئەستێرە) لەم کۆپلە شیعرەدا دوو واتا دەبەخشێت، چونکە ئەستێرە بە واتای قەتیس کردنی نەختێ ئاو لە شوێنێکدا دەگوترێ، بە تایبەتی دروستکردنی حەوزێک لەپێش کانی و زنەی ئاوێک دوای زۆر کۆکردنەوە بەردەدرێتەوە، کە بە (ئەستێرە) و (ئەستێر) ناودەبرێت، بە واتای ئەستێرەی ئاسمانیش دێت، بێ گومان کە شاعیر زیاتر مەبەستی ئەستێرەی ئاسمانە و دروستکردنی پێوەندییەکی نوێیە لەنێوان ئەستێرە و ڕووباردا، کە لە کۆپلەی پێشتریش وەدەرکەوتووە، کەواتە لە کۆپلەی یەکەمدا، ڕووبار ئاوارە و سەرگەردانە، گوڵە شلێریش لەگەڵیدایە و بووە بە چاوی ئەم ڕووبارە، لە کۆپلەی دووەمدا ڕووبار خەمی خاک دەنووسێتەوە، باوکیش لەسەر خەمی خاک دەنووست، بەڵام لە کۆپلەی سێیەمدا ڕووباری ئاوارە و سەرگەردان زیاتر دەکشێت، تەنیا خەمی خاک نانووسێتەوە، بەڵکو لە ئەستێرەش دەگەڕێ، ئەو ئەستێرەیەی کە ون بووە، کەواتە دۆزینەوەی پێوەندییەکی نوێ لەنێوان ڕووبار و ئەستێرەدا هەیە، چونکە ڕووبار تەنیا لەگەڵ خاک و دار و بەرددا سەودا ناکات، بەڵکو بەنێو ئاسمانیشدا دەگەڕێت، بەپێی میتۆدی بنیادگەرایی ئێمە تەنیا لە پێوەندییەکانی ناوەوەی دەق و وشەکان دەکۆڵینەوە، دووبارەبوونەوەی ئەو هەموو جێناو و ناو و ئامرازەش ڕیتمێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشێت، بە تایبەتی لەو دەربڕینانە (من، ڕووبار، ئەستێرە) دی، چاوی خۆی ... تاد.

جگە لەوانەش چەندان دەنگ دووبارە کراونەتەوە، مۆسیقایەکی دەروونی ناوەکی بە خوێنەر دەبەخشن، لە کۆپلەی یەکەمدا گوڵە شلێرە ئەمەل بڕاو و ڕەشبینە و لەگەڵ ڕووباری ئاوارە و سەرگەرداندا بەرەو سنوورێکی غوربەت و نادیار دەڕوات، کەچی لە کۆپلەی دووەمدا باوکی لەناو نەهامەتییەکانیشدا گەشبینە، لێرەشدا دوالیزمێک دروست بووە، لە کۆپلەی سێیەمیشدا کۆڵنەدانی ڕووبار پیشان دەدات.

سەرچاوە:

محەمەد تەرەغە، ئێستا لەنێو دوو ئاوێنەدا - کۆمەڵە شیعر-، انتشارات عابد، تهران، چ۳، اول پاییز ۱۳۸۰.